# ڕوخانه قورسه‌کانی ناخ ..؛

ڕزگارکۆیی1999
ڕۆژنامەی(سەکۆ) بەرلین

چەندم حەزدەکرددوای مردنم
چەندساتێك بەسەرتەرمی خۆمدابگریم..!
ئاخرچۆن دەبێ !
لەم تەمتومانی غوربەتە
ئەم هەمووئاوەژووی ڕاستیە
هەرەس بەبوونم بێنێ و
زات وسێبەری ئومێدەکانی
لەخەم غافڵبوون بگەچڵێنێ
دەمامکی ڕاستیە کان بۆمن
چاکترین سێبورین..
بەبێ مکیاج کردنیش
خەیاڵەڕیاکارەکان ناتوانن
لەم ڕەشبینی یەنەبڕاوەیە
خەندە ئامێزم کەن..
چەندگوناهم، ئەوکاتانەی
درۆ بۆیەکراوەکان دەمخەڵەتێنن.
ئای...!
لەدەست ئەم هەمووحوزنەی
هەتاوبەنیگاکانمیەوەدەسوتێنێ..
ئای...!
لەوهەمووبەزەیی یەی
ویژدانم لەحەوزیادەخوێنێ..
ئەی.. بەهاناهاتووەکانی
سەردەمانی ڕاستی وبەیەکەوەبوون..
کام ڕۆژەیەخاڵی دوایی
تاوانەکانی زەمەن و
ڕوخانەقورسەکانی ناخ..!
ئاخرنابێ هەمدیس
لەدەست سێبەرەیاخییەکانی ئەودیوعەقڵ
ڕێگەی سەفەرێکی تربلێسمەوە..
لەم ئێرەیەدا...
غوربەت لەخۆییم دەخنکێنێ و
مەرگیش لەناخیادەمچێنێ..
منیش لەفرمێسکەکانی دوای نوزانەوە
بۆچارەی ڕاستیەکی پڕحەقیقەت دەگەڕێم
تائەوکاتەی...!!